# بۆئەوەی سەدام دروست نەبێتەوە

عەدنان سەیدحسین

لەنیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووداکەبەسەردەمی ئازادی گەلان دەناسرێت گەلێك کەسایەتی بەتواناوەکوسەرکردەی دڵسۆزوشۆڕشگێڕبەدەرکەوتن بەرامبەرداگیرکەرودەسەلاّتەتاك ڕەهەندی وتۆتالیتارەکان ،ئەوانەسەرکردەگەلێك بوون لەنێوگەلەوەولە پێناوگەلدادەستیان دایەشۆڕش وبەکپکردنەوەی دەنگی گەل ولەنێوبردنی هەمووئازادیەکانی گەل وبەندکردن وکوشتنی ڕۆڵەکانی گەل کۆتاییان هات.لەکۆتایی پە نجاکانداکاسترۆهیواوئاواتی هەمووکوبیەك بووندالأنی ئەوولاّتەش گۆرانیان بەبالأیدا دەووت بیٚ ئاگالەوەی لەداهاتوداکوبادەکاتەبەند یخانەیەك بۆهەمووکوبیەکان،قەزافی وموبارەك وئەسەدوعلی عبدالله وچەندانی تریش لەسەرکردەعەرەبەکان پاڵەوانی نەتەوەیی بوون وپشکی شێریان هەبووەلەڕزگارکردنی نیشتماندا تەنانەت موبارەك بەغیرەتی عەرەب وکلیلی سەرکەوتنی شەڕی( 72 ) ی دژی بەئیسرائیل دەناسراکەچی بەدرێژایی حوکمی 24ساڵەی ئەودەستورلەکاردەخرێت وبەشێوەی عورفی وڵاّت دەبرێت بەڕێوەنەك هەرئەوەش بەڵکوئەوەتابەچەشنی سوریالەمیسرجەمال ولەلیبیاسیف ئامادەدەکرێن بۆئەوەی ببنەوەبەسەرۆك وشوێنی باوکیان بگرنەوەوەك ئەوەی میسرولیبیامەملەکەتی موڵکایەتی بن نەك کۆماری .لەعیراقداولەکۆتایی پە نجاکانداکاتێك سەدام گیانی خۆی خستەمەترسیەوەبۆرزگارکردنی عیراق لەحوکمی قاسم ئەوکات بەلای زۆرێك لەعیراقیەکانەوەسەدام پاڵەوان ورزگارکەربووبەلاّم لاوازی بەکرونەبونی پەرلەمانێکی ڕاستەقینەنەك هەربووەهۆی گەورەبوونی سەدام بەڵکوبوەهۆی ئەوەی لەماوەیەکی کورتدادەسەلاّتی ڕەهای خۆی بەسەرحیزب وحکومەتدابسە پێنیٚ وهەموودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەناوببات کەئەم دەرکەوتن وتاك دەسەلاّتیەی سەدام ئاواهی وخۆبەخۆدروست نەبوو بەلکودەر نجامی بێدەنگی چەندساڵەی عێراقیەکان بوو بەگریمانەیەکی ترئەگەر( 35 ) ساڵێك بگەڕێینەدواوەوئەگەربەکرخاوەن کەسایەتیەکی بەهێزوئە نجومەنی نیشتمانیش ئە نجومەنێکی کاراوخاوەن لێپێچینەوەبوایەوسەرکردایەتی بەعسیش کەسانی چاونەترس وکادری لەخۆبردی تێدابوایەئایاسەدام دروست دەبوو؟ئەمەگریمانەیەکەهەڵبەتەبۆسوریاومیسرویەمەن ولیبیاوباقی ولاّتانی عەرەبیش دەگونجێت کەواتەدیکتاتۆرهاولاّتیەکی مەریخ نیەومرۆڤێکی ئاساییەودەکرێت هەریەکێك لەئێمەببین بەدیکتاتۆربەلاّم ڕێگری بەردەم دیکتاتۆرشکاندنی بێدەنگی یەلەهەمووکونجێکی هەرێمداکەدەکرێت پەرلەمان بکەین بە پنتی سەرەتابۆوەلاّمی ئەوپرسیارەش کەدەکرێت سەدامێك لەکۆمەڵگەی کوردیەوەدروست بێتەوەئەواگەلی هۆشیارو پەرلەمانی بوێروەلاّمگۆی دەبن.